# چادری چاو پێکەوتن

دەرچوون ٢٤ — ٤٠ و لێڤییەکان ١٦

لە وانەی ڕابردووماندا بینیمان چۆن گەلی ئیسرائیل پشتیان لە پەروەردگار کرد، ئەوەی کە ڕزگاریانی کرد لە بەندایەتیان لە میسر. کاتێ موسا ووشەی خودای وەردەگرت لەسەر چیای سینا، گەلی ئیسرائیل خەریکی درووستکردنی گۆلکێکی زێرین بوون بۆ ئەوەی بیپەرستن وەك بت. بەڵام ئێستا، دەخوێنین چیرۆکێکی زۆر خۆشتر. چیرۆکیکی زۆر سەرسورهێنەرە لەبەر ئەوەی زۆر بنچینەییە. دەبینین چۆن خودا بە موسا و گەلی ئیسرائیلی فەرموو ڕەشماڵێکی تایبەتی درووست بکەن بۆ ئەوەی فێریان بکات چۆن نزیك ببنەوە لێی و کۆببنەوە لەگەڵی و بیپەرستن.

لە تەوارت دەخوێنینەوە، سیپارەی دەرچوون، بەشی بیست و چوار، نووسراوی پیرۆز دەفەرموێ: (دەرچوون ٢٤) [16] شکۆمەندی خوداوەندیش لەسەر کێوی سینا نیشتەوە و بۆ ماوەی شەش ڕۆژ هەور کێوەکەی داپۆشی، لە ڕۆژی حەوتەمدا لە نێو هەورەوە موسای بانگ کرد. [17] دیمەنی شکۆمەندی خوداوەندیش وەک ئاگرێکی بڵێسەداری بەتین بوو لەسەر کێو لەبەرچاوی نەوەی ئیسرائیل. [18] ئینجا موسا هاتە ناو هەورەکەوە و بۆ سەر کێوەکە سەر کەوت. جا موسا چل ڕۆژ و چل شەوی پێچوو لە کێوەکە.
(دەرچوون ٢٥) [1] خوداوەند لەگەڵ موسادا دووا و فەرمووی: [2] (بە نەوەی ئیسرائیل بڵێ با پیتاکم بۆ وەربگرن، لە هەریەکێک کە دڵی هانی بدات پیتاکەکەم ببەخشێت. [3] ئەمەش ئەو پیتاکەیە کە لێیان وەردەگرن، زێڕ و زیو و مس، [4] ڕێسی ورد بە ڕەنگی مۆر و باینجانی و سووری ئاڵ و هەروەها کەتان و مووی بزن، [5] پێستی بەرانی خۆشەکراو بە ڕەنگی سوور و پێستی مانگای دەریا و داری چنار، [6] زەیتی چراو بۆن بۆ ڕۆنی چەورکردن و بۆ بخووری بۆندار، [7] بەردی عاشقبەند و بەردی گرانبەهای تر بۆ ئێفۆد و بۆ بەرسینە. [8] (پیرۆزگایەکیشم بۆ دروست دەکەن تا لە نێوانیان نیشتەجێبم، [9] وەک هەموو ئەوەی پیشانت دەدەم لە نموونەی هەوارگە و نموونەی هەموو قاپوقاچاغەکانی، ئاوا دروستی دەکەن.

باشە، خودا چی بە موسا فەرمووی؟ شتێکی زۆر سەرسوڕهێنەر و دڵڕفێنی پێ فەرمووی! خودا پلانی هەبوو لەنێوان گەلی ئیسرائیلدا نیشتەجێ ببێت، لەنێوان ئەوانەی کە زۆر جار گوناهیان ئەنجام دا بەرامبەری! بۆچی خودا، کە مەزن و پیرۆزە، دەیەوێ لەگەڵ گوناهباری ئاوها بژێت؟ بۆچی خودا، کە ڕۆحە و پێویستی بەهیچ نیە خۆی ماندوو بکات و لەگەڵ نەوەی ئادەم قسە بکات کەوا پشتیان لەو کرد؟ وەك تا ئێستا بینیمان، خودا مرۆڤی لەوێنەی خۆی درووست کرد لەبەر ئەوەی ویستی هاوڕێیەتی لەگەڵ هەبێ. گوناهی مرۆڤ ئەو هاوڕێیەتیەی شکاند، بەڵام خودا ڕێگایەکی ڕاستودرووستی دامەزراند کەوا مرۆڤ بتوانێ بێتەوە لای خودا. لەبەر مەبەستی تاهەتایی و میهرەبانی مەزنی خودا بوو بۆ گوناهباران کەوا پەروەردگار خودا پلانی دانا ئامادەیی شکۆداری خۆی لەناوەندی گەلی ئیسرائیل دابنا. بە چادرێکی زۆر تایبەت و هەندێك یاسای زۆر تایبەت، خودا پلانی دانا بە نەوەکانی ئادەم نیشان بدات چۆن دەتوانن لە خودا نزیك ببنەوە. وەك چۆن تا ئێستا فێربووین، و لەبەر ئەوەی خودا پیرۆزە، گوناهباران ناتوانن هاوڕێیەتیان لەگەڵی هەبێ بە هەموو شێوەیەك. لەبەر ئەمە، خودا فەرمانی بە گەلی ئیسرائیل دا ڕەشماڵێکی تایبەت درووست بکەن بۆ ئەو تاکو لەنێوانیاندا بێت — بەشێوەیەك شایەنی پیرۆزی شکۆمەندی ئەو بێت. هەروەها، لە ڕێگای ئەم ڕەشماڵە تایبەتیەوە خودا پلانی دانا نەوەکانی داهاتوو فێری زۆر پەندی گرنگ بکات دەربارەی خۆی و ڕزگاری دەرەکە کە پلانی دانا بینێرێتە جیهان.

پێش ئەوەی سەرنجی ئەوەی خودا فەرمانی بە موسا دا بدەین سەبارەت بە شوێنی نیشتەجێیەکە کە دەبوایە گەلی ئیسرائیل درووستی بکەن، پێویستە یەکەم جار تێ بگەین کە خودا فەرمانی پێیان نەدا ڕەشماڵێك درووست بکەن بۆی لەبەر ئەوەی پێویستی بە جێگایەك بوو لێی بژێ! نەخێر! خودای باڵادەست، کەوا جیهان و هەموو شتێك کە تیدایە درووست کردووە، لە خانووی درووستکردنی مرۆڤ ناژێت! لە نووسینەکانی پێغەمبەران، پەروەردگار خۆی ڕایدەگەێنێ: (خوداوەند ئاوای فەرموو، ئاسمانەکان تەختی منە و زەوییش

جێی پێی منە لە کوێ ماڵێکم بۆ بنیاد دەنێن و لە کوێیە شوێنی حەوانەوەم؟ هەموو ئەمانەش دەستی من دروستی کردن جا هەموو ئەمانە بوون) (ئیشایا ٦٦: ١، ٢ و کرداری نێردراوان ٧: ٤٨، ٤٩)

ئەی باشە بۆچی خودا فەرمانی بە گەلی ئیسرائیل دا چادرێك درووست بکەن کەوا ڕوح و شکۆمەندی ئەو تیایدا نیشتەجێ بێت؟ وەك پێشتر باسمان کرد، خودا ویستی گەلی ئیسرائیل و هەموو نەوەی ئادەم فێربکات چەن شەیدای هاوڕێیەتیە لەگەڵیان. خودا هەروەها ویستی نیشاندانێك بخاتە بەردەستیان کەوا چۆن لە گوناهی خەڵك خۆش دەبێت و مافی ئەویان هەبێ لەگەڵ خودا بژێن لە بەهەشت تاهەتا!

بۆیە، خودا فەرمانی بە موسا و گەلی ئیسرائیل دا ڕەشماڵێکی بۆ درووست بکەن بۆ ئەوەی نیشتەجێی ببێ. بەڵام ئەم چادری چاوپێکەوتنە نابێ وەك هیچ چادرێکی ئاسایی بێت. لە ڕاستیدا، نووسراوە پیرۆزەکان پەنجا بەشی تێدایە کە باسی چۆنیەتی بە سەرچوونی ئیشی چادری چاوپێکەوتن و بەڕێوە چوونی دەکات! ئەو بەشانە بەشی بنچینەیین و کاتمان نیە باسی هەموو شتەکانی ناوی بکەین. تەنها دەتوانین شتە زۆر گرنگەکان کورت بکەینەوە.

ئەوەی دەبێت بیزانیت دەربارەی ئەم چادری چاوپێکەوتنە ئەوەیە کە خودا بە موسای فەرموو دەبێت دوو ژووری تێدابێت. چادری چاوپێکەوتن یەك چادر بوو، بەڵام پەردەیەکی جوان و قورس درووست کرابوو بۆ ئەوەی لە ناوەڕاستەوە بیکات بە دوو ژوور.

یەکەم ژوور پێی دەوترا، ***شوێنە پیرۆزەکە***. کەس نەیدەتوانی بچێتە ژوورەوە جگە لە کاهینەکان نەبێ. کاهینەکان ئەوانە بوون کە خودا لە نەوەی هارون هەڵیبژاردوون بۆ سەربڕینی ئاژەڵەکان وەك قوربانی کەوا گوناه دادەپۆشێ. سێ شت هەبوو لەو شوێنە پیرۆزە. مێزێکی ئاڵتون کەوا بخوریان لەسەری دەسووتاند و فانۆسێك، و مێزێك کەوا نانێکی تایبەتیان لەسەر پێشکەش دەکرد بۆ خودا وەك پەرستن.

دووەم ژووری ڕەشماڵەکە پێیان دەوت (شوێنی هەرە پیرۆز). پێی دەوترا شوێنی هەرە پیرۆز لەبەر ئەوەی پاش تەواوبوونی ڕەشماڵەکە خودا پلانی دانا دابەزێ و ئەو ژوورە پڕ بکاتەوە بە شکۆمەندی بێ هاوتای خۆی. ئەم شوێنە هەرە پیرۆز نموونەی بەهەشت بوو. لە دەرئەنجامدا، ئەو ژوورە ژووری خودا بەتەنها بوو! بۆیە خودا بە موسای فەرموو کە هەرکەسێك هەوڵ بدات بێتە ناو ئەو ژوورەوە دەمرێ! کەس نەیدەتوانێ بێتە ناو شوێنی هەرە پیرۆز تەنها کاهینی باڵا نەبێت و تەنها ساڵی جارێك. سەرەڕای ئەوەش، دەبوایە بە خوێنی قوربانیەك بۆ گوناهەکانی خۆی و گوناهەکانی خەڵك بێتە ژوورە، هەروەك خودا ڕایگەیاندبوو.

لە ناوەوەی شوێنی هەرە پیرۆز، خودا فەرمانی دا بە موسا سندوقێك دابنات کە لە داری ئەکاشیا درووست کرابێ، و بە زێڕی ساف داپێۆشێ. ئەو سندوقە پێی دەوترا (سندوقی پەیمان). لەناو سندوقی پەیمان، دەبوایە هەردوو تەختە بەردییەکە کەوا دە ڕاسپاردەکانی لەسەر نووسراوە دابنەن. لەسەر سندوقەکە دەسکێکی زێڕینیان دانابوو کەوا کاهینی باڵا دەبوایە ساڵی جارێك خوێنی ئاژەڵێکی بەسەردا بپرژێنێ تاکو خودا لە گوناه گەلی ئیسرائیل خۆش بێت. بۆیە خودا ناوی لەم دەسکە نا (قەباغی کەفارەت).

لەپاش ئەوە، خودا بە موسای نیشان دا چۆن دەبێت پەردەیەکی بڵند درووست بکەن بۆ چواردەورە گرتنی چادری چاوپێکەوتن، دیواری گۆڕەپانەکە، دەبوایە لە پەردەێکی سپی درووست بکرابوایە. لەناو ئەو پەردەیەی چواردەورەی چادرەکەی گرتبوو دەبوایە یەك دەرگا درووست بکەن. بۆ ئەوەی کەس نەتوانێ بێتە ناو گۆڕەپانی چادری چاوپێکەوتن بێ ئەوەی لە دەرگاکەی بپەڕێتەوە. لەناو گۆڕەپانەکە و لە بەرامبەر دەرگاکەی، خودا فەرمانی بە موسا و گەلی ئیسرائیل دا قوربانگایێك لە برۆنز درووست کرابێ دابنەن. هەموو کەسێك کە بە دەرگای گۆڕەپانەکدا تێپەڕیبوایە، دەبوایە بەلای قوربانگاکەدا برۆیشتایە یەکەم جار. خودا ویستی گەلی ئیسرائیل و هەموو نەوەی ئادەم فێربکات ئەو ڕێگایەی کە دەبێت پێیدا بڕۆن بۆ ئەوەی لە خودا نزیك ببنەوە. گەلی ئیسرائیل چۆن لەخودا نزیك ببنەوە؟ لە ڕێگای خوێنی قوربانی.

هەموو ئەوانەی ویستیان بچنە ناو گۆڕەپانی (شوێنی نیشتەجێی خودا) دەبوایە بە قوربانی ئاژەڵەوە بچنە ژوورەوە وەك سزاێك بۆ گوناهەکانیان. خودا گەلی ئیسرائیلی فێردەکرد کە هەرگیز کەس ناتوانێ لێی نزیك ببێتەوە تەنها بە خوێنی قوربانی نەبێ. بۆیە خودا بە موسای فەرموو، (چونکە گیانی لەش لە خوێندایە و من لەسەر قوربانگە بە ئێوەی دەدەم بۆ کەفارەتکردن بۆ گیانتان، چونکە خوێن کەفارەت بۆ گیان دەکات.) (لێڤییەکان ١٧: ١١)

لەبەر ئەوە، ئەگەر کەسێك بیویستایە خودا بپەرستێ، دەبوایە یەکەم جار ئاژەڵێك بکاتە قوربانی لەپێناوی لێ خۆش بوونی گوناهەکانی. ئەو کەسە دەبوایە گایەك یان مەڕێك یان باڵندەیێکی بهێنایە گۆڕەپانی چادری چاوپێکەوتن. لەپێش قوربانگاکە، دەبوایە دەستی دابنات لەسەر سەری قوربانیەکەی هێناویەتی و دان بنات بۆ خودا کە گوناهبارە و شایەنی ئەوەیە کە بمرێت لەبەر گوناهەکەی. پاشان سەری ئاژەڵەکەی دەبڕی. پاشان کاهینێك خوێنی قوربانییەکەی دەبرد و دەیپرژاندە سەر قوربانگاکە و زەوی دەوراوپشتی. پاشان قوربانییەکەی دەسووتاند لەسەر قوربانگاکە. بەو شێوەیە خودا دەتوانێ لە گوناهی کەسی گوناهبار خۆش بێت، لەبەر ئەوەی ئاژەڵە بێ تاوانەکە مرد لە جێگای ئەو.

گەلی ئیسرائیل دەبوایە ئەم قوربانییانە هەموو ساڵێك دووبارە بکەنەوە. قوربانی ئاژەڵ ناتوانێ پیرۆزی خودا ڕازی بکات تاهەتا. ئەوانە پشاندەری کاتی ڕزگاری دەرەکەن ئەوەی دەبوایە بێت و بمرێت لە جێگای گوناهباران — تاکو خودا بە یەك جاری لە قەردی گوناه نەوەکانی ئادەم خۆش بێت بێ ئەوەی لە ڕاستودرووستی خۆی دەربچێت.

بۆ ڕوونکردنەوەی ئەوەی ڕزگاری دەرەکە دەیکات بۆ گوناهباران، خودا ڕۆژێکی لە هەموو ساڵێك دامەزراند بۆ گەلی ئیسرائیل کە کاهینی باڵا بچێتە ژووری دووەمەوە، شوێنی هەرە پیرۆزی چادری چاوپێکەوتن . ئەو ڕۆژە پێی دەوترا (ڕۆژی کەفارەت دان). لەو ڕۆژەدا، کاهینی باڵا دەسەڵاتی هەبوو بچێتە ناو ئەو شوێنی هەرە پیرۆز و خوێن بپرژێنێتە سەر قەباغی کەفارەتی سندوقی پەیمانی خوداوەند. هەرگیز نەیدەتوانێ بێ خوێنی ئاژەڵێکی بێ عەیب بچێتە ناو شوێنی هەرە پیرۆز، کەوا دەیکردە وەقف بۆ خودا لەبەر گوناهەکانی خۆی و خەڵکەکە. بەم شێوەیە، خودا شێوازی هاتنی ڕزگاری دەرەکەی نیشان دەدا، خوێنی خۆی دەڕێژی تاکو خودا لەگوناهی گوناهباران خۆش بێت و بەخێرهاتنیان بکات بۆ لای ئامادەیی خۆی تاهەتا !

وانەی ئەمڕۆمان زۆر قووڵ و سەرسوڕهێنەرە. بەڵام شتێکی تر هەیە کە دەبێت لێی تێ بگەن دەربارەی چادری چاوپێکەوتن. لە دوایەمین بەشی سیپارەی دەرچوون، نووسراوی پیرۆز دەفەرموێ: نەوەی ئیسرائیل ئاوا هەموو کارەکەیان کرد. جا موسا تەماشای هەموو کارەکەی کرد و بینی ئەوەتا وەک ئەوەی خوداوەند فەرمانی دا ئاوایان کردووە، ئیتر موسا داوای بەرەکەتی بۆ کردن. ئینجا هەورێک چادری چاوپێکەوتنی داپۆشی و شکۆمەندی خوداوەند هەوارگەکەی پڕ کرد. لەبەر ئەوە موسا نەیتوانی بچێتە ژوورەوە بۆ ناو چادری چاوپێکەوتن، چونکە هەور هاتە سەری و شکۆمەندی خوداوەند هەوارگەکەی پڕ کرد. (دەرچوون ٣٩: ٤٢، ٤٣ و ٤٠: ٣٤، ٣٥)


دەبینی چی ڕووی دا؟ لەپاش ئەوەی چادری چاوپێکەوتن ئامادەبوو، شکۆمەندی پەروەردگار هاتە سەری و شوێنی هەرە پیرۆزی پڕکردەوە، و تیشکی شکۆمەندی خودا شەوقی دایەوە، تەنانەت بەسەر تیشکی ڕۆژیش کەوت ! ئەوەی کە دەبێت لە یادمان بێت لەم هەموو شتە ئەوەیە کە خودا بەرەکەتە مەزنەکانی تری پشان دەدا کەوا بەرەو هاتن بوو کاتێ ڕزگاری دەرەکە لە ئاسمانەوە دادەبەزی و هات لەنێو نەوەی ئادەم نیشتەجێ بێت. ڕزگاری دەرەکە خۆی چادری چاوپێکەوتنی ڕاستەقینەیە کە خودا پێمانی بەخشی تاکو پەیوەندییێکی نزیك و سەرسوڕهێنەرمان لەگەڵی هەبێت تاهەتا ! وەك نووسراوە لە ئینجیلی پیرۆز: لە سەرەتادا، وشەکە بوو، وشەکە لەلای خودا بوو، وشەکەش خودا بوو... وشەکەش بووە جەستە و لە ناوماندا نیشتەجێ بوو. شکۆی ئەومان بینی...ئەوەتا بەرخی خودا، ئەوەی گوناهی جیهان لادەبات! (یۆحەنا ١: ١، ١٤، ٢٩)

بەڵێ، ڕزگاری دەرەکە ئەو کەسەیە کە هەموو ئەو شتانەی جێ بە جێ کرد کە چادری چاوپێکەوتن و قوربانی ئاژەڵ نیشانی دەدا. لەبەر ئەوەی نەك تەنها ئەو هات و لەنێو مرۆڤدا ژیا، بەڵکو هەروەها خوێنی خۆی ڕشت وە قوربانێکی تەواو بۆ گوناهباران تاکو ئێمە پەیوەندێیکی نزیکمان لەگەڵ خودا هەبێت تاهەتا!

ئایا تێ گەیشتن لەوەی خوێندمان قورسە؟ باشە دەبا ئەوەمان لەبیر بێت کە هەندێ جار شت هەیە لە ووشەی خودا کە تێ گەیشتنی قورسە، بەڵام ئەوا مانای ئەوە نیە کە ڕاست نین! دەبا قەت ئەوەمان لە یاد نەچێت کە پەروەردگار خۆی دەفەرموێ: بیر کردنەوەی من بیر کردنەوەی ئێوە نییە و ڕێگاکانی ئێوەش ڕێگای من نییە، خوداوەند ڕای گەیاند، چونکە بە بەرزی ئاسمانەکان بەسەر زەوییەوە ئاواش بەرزە ڕێگاکانم بەسەر ڕێگاکانتان و بیر کردنەوەم بەسەر بیر کردنەوەتان. (ئیشایا ٥٥: ٨، ٩)

خودا بەرەکەتدارت بکات. بەم چەن ئایەتەی نووسراوی پیرۆز ماڵ ئاواییت لێ دەکەین:

ئای لە قووڵی دەوڵەمەندی و دانایی و زانیاری خودا! چەندە مەحاڵە پشکنینی حوکمەکانی!...کێ بیری خوداوەندی زانی؟ یان کێ بووە ڕاوێژکاری؟... هەموو شتەکان لە ئەوە و بە هۆی ئەوە و بۆ ئەوە. تاهەتایە شکۆمەندی بۆ ئەوە! ئامین. (ڕۆما ١١: ٣٣-٣٦)



# گرنگترین پرسیارەکان بۆ ئەم وانەیە:

١. خودا چی بە موسا فەرموو؟

٢. بۆچی خودا، کە مەزن و پیرۆزە، دەیەوێ لەگەڵ گوناهباری ئاوها بژێت؟

٣. بۆچی خودا، کە ڕۆحە و پێویستی بەهیچ نیە خۆی ماندوو دەکات و لەگەڵ نەوەی ئادەم قسە دەکات کەوا پشتیان لەو کرد؟

٤. بۆچی خودا فەرمانی بە گەلی ئیسرائیل دا چادرێك دروست بکەن کەوا ڕوح و شکۆمەندی ئەو تیایدا نیشتەجێ بێت؟

٥. گەلی ئیسرائیل چۆن لە خودا نزیك ببنەوە؟ دەبینی چی ڕووی دا؟

٦. ئایا تێ گەیشتن لەوەی خوێندمان قورسە؟

ڕێگای ڕاست و دروستی:
وەرزی خوێندنەوەی کتێبی پیرۆز
(٢٠١٦)
Old Testament, Sorani (Draft), International Bible Society, 2005, 2009, 2011; Psalms, Biblica, 2013
Kurdish New Testament, International Bible Society, 1998; Biblica, 2011
ئەم خوێندنەوە لە {***The Way of Righteousness*** by Paul Bramson, 1998}بەخەش کراوەتە.
بەرهەم هێنەر: کۆمەڵەی ڕێگای ڕاستودروستی
rrd2011@yahoo.com www.rrdk.org